کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:19 17-9-2007

## نەخۆشی کۆلێرا یان کولێرە بەڕۆن ... بروسکە

وەك هەموومان دەزانین نەخۆشی کۆلێرا نەخۆشییەکی کوشندەیە و بریتیە لە سکچون و رشانەوە. لەزۆربەی ولاتانی جیهاندا بنبڕ کراوەو ساڵەهایە نەبینراوە ئەم نەخۆشییە لەکاتی رودانی شەڕو برسێتی لە ولاتە هەژارەکان سەرهەڵدەدات بەهۆی نەبونی خزمەتگوزاری و پاك و خاوێنی و فەرامۆشکردنی لایەنی تەندروستی. هەروەها جۆرێکی تریش هەیە لە کۆلێرا، بەلام ئەمەیان نەخۆشی نییە ئەمجۆرەیان بۆ خواردنەو لە هەویر دروستدەکرێت.

نەخۆشی یاخود پەتای کۆلێرا کە ئێستا لەچەند شارێکی کوردستان و کەرکوکدا بلاوبۆتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی خزمەتگوزاری لەلایەن شارەوانییەکان و بەڕێوەبەرایەتییە تەندروستییەکان بەتایبەت لەشاری کەرکوك. هەروەك هەموان ئاگادارین کە چۆن ئەم شارە فەرامۆش کراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عیراق، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ململانێیەکی زۆر هەیە لەسەر ئەم شارە بەهۆی داهاتی نەوتەکەی بۆ کام لایەنە بێت بۆیە هەروەك ئەوەی لێ هاتووە ئەم شارە مرۆڤی تێدا نەبێت. بەهەر حاڵ، ئەم باسە تەوەری سەرەکی ئێمە نییە بەڵکو نەخۆشی کۆلێرا ....

پەتاکە بێگومان بوونی هەیە لەو شارانەی کەباسمان کرد، بەلام رێژەکەی زۆر نییە. سەرەتا وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتییەکەی نکۆڵییان لە بوونی نەخۆشییەکە دەکرد. رەنگە هۆیەکەشی ئەوە بێت کە هەستیان بەشەرمەزاری کردبێت کە ولاتێکی وەك عیراق بەو هەموو سەروەت و داهاتەیەوە نەیتوانیوە خزمەت بە گەلەکەی بکات و بەرگری لە تەشەنەکردنی نەخۆشیەکی ئاوەها بکات.

به هەر حاڵ، نەخۆشێکە هەر هەیە!...

کارلە کالار ترازاوە و راگەیاندنەکانیش ئەوەندەی تر بابەتەکەیان وروژاندووە. ئەوەش وایکرد کە حکومەت هەندێك بەخۆیدا بچێتەوەو بڕە پارەیەکی زۆر تەرخان بکات بۆ بەرانگاربونەوەی پەتاکە. لێرەدا گەر هەڵوێستەیەك بکەین، دەبینین وەزارەت و لایەنە دەستڕۆیشتووەکانی بەشی تەندروستی بەپێچەوانەی رای پێشوویان گوایە ئەم نەخۆشییە بوونی نییە پەشیمان بوونەوە چونکە زانیان ئەم کۆلێرایە بۆ ئەوان کولێرەیەکی چەورە. ئەوەی ئاشکراشە مام جەلال بڕی (150) هەزار دۆلاری تەرخانکرد هەروەها مالیکیش بڕی (... ) . ئەمە جگە لە پارەی وەزارەتی تەندروستی کەنەزانراوە چەند تەرخانکراوە بۆ ئەم نەخۆشییە.

بەهەر حاڵ ئەم نەخۆشییە چارەسەری بە دێکستروٚلایت و هەندێك داودەرمانی سادە دەکرێت کە چارەسەرێکی یەکجار ئاسانە. ژمارەی ئەو خەڵکانەش دیارە کە تووشبوو بە نەخۆشییەکە هەیە، بۆیە دەکرێت بەشێوەیەکی تەقدیری دیار بکرێت کە چەندیان داودەرمان سەرف کردووە، هەروەها دیاریشە کە چەند لەو پارەیە ماوەتەوە بۆ گیرفانی بەرپرس و کاربەدەستانی تەندروستی بۆ ئەوەی کولێرەکانی خۆیانی پێ چەورتر بکەن.

گەرنا بابێن بڕێك لەو پارەیە تەرخان بکەن بۆ چاککردنەوەی زێرابەکان و نەهێڵن چیتر ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆ و زێرابەکان تێکەڵ بە یەکدی بن.

ئەوەی جێی سەرنجە هێشتا نەخۆشی کۆلێرا کۆتایی نەهاتووە خەڵکی ترسی ئەنفلۆنزای باڵندەی لێنیشتۆتەوە، چونکە پارساڵ وەك ئەم هەلایەی ئێستا کردیان بۆ نەخۆشی کۆلێرایە بۆ ئەنفلەوەنزای باڵندەشیان کرد، رۆژێك دەیانوت نەخۆشییەکە هەیە و رۆژێکی تر نکۆڵییان لێدەکرد تا ئێستاش بۆ خەڵکیان روون نەکردۆتەوە. ئاخۆ ئەم نەخۆشییە هەیە یان هەبووە یان نا؟؟ گرنگ ئەوەیە کەسانێك نانی لێدەخۆن و گەشتی دەرەوەی ولاتی پێدەکەن بە بیانوی ئەوەی دەچن عیلم و مەعریفەت فێردەبن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان. مەخابن کەوا نییە بەڵکو فێری ئەوە بوون کە دەنگۆی بڵابوونەوەی نەخۆشییەکی ترسناك بڵاودەبێتەوە، ئەوان لە خۆشیاندا شاگەشکە دەبن. چونکە دەزانن پاروی چەوری تێدایە بۆیان و سەفەری خۆشیشی لەگەڵدایە. گەر واشنییە، بۆچی بەرپرسان پێش بڵاوبوونەوەی هەر نەخۆشییەك خۆ ئامادە ناکەن؟
بۆ خەڵك ئاگادار نەکەنەوە؟
بۆ خزمەتگوزاری و بەدواداچوون لە پاکوخاوێنی شوێنە گشتییەکان ناکەن؟ بۆ و هەزارو یەك بۆ... ؟؟؟
بۆیەکیش ئەوەیە "بۆ" کەس وەڵاممان ناداتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.